# پێوەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ داهاتووی هەژاریی، برسێتی، خۆشگوزەرانی و ڕەوشی ئابووریی لە عێراق

29-06-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی دەوڵەتی عێراق لە بەدیهێنانی 17 ئامانجەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوانەکەی گەورەیی کەرتی گشتی و نەبوونی کەرتێکی کارای تایبەتە، بۆ نموونە لەکۆی سەروو 4 ملیۆن هێزی کاری دەوڵەت و سەروو 2.5 ملیۆن خانەنشین بەبێ هەرێمی کوردستان هێشتا ژمارەی ئەوانەی ڕۆژانە خۆراکیان دەستناکەوێت و دەکەونە پیوەری برسیتییە یەک لەسەر شەشی کۆی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

## بەرایی

ڕۆژی 24ی حوزەیرانی 2025 دەیەمین ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام SDG لە 190 وڵاتی جیهان بڵاوکرایەوە، کە بەپێی ڕاپۆرتەکە تراکی پێشکەوتنی وڵاتانی جیهان بۆ بەدیهێنانی 17 ئامانجەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوەکو 2030 خراوەتەڕوو، کەچی هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە کەوا عێراق بتوانێت یەک ئامانج لەو 17 ئامانجە بەدی بهێنێت.

ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەو 17 پێوەرەی نەتەوەیەکگرتووەکان دایناون بریتین لە باشکردنی ڕەوشی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و کۆتایهێنان بە برسێتی، هەژاری و نایەکسانی لەنێو دانیشتوان بۆ هەموو جیهان، کەچی وڵاتانی وەک عێراق سەرەڕای دەوڵەمەندییەکی گەورەی سەرچاوەی نەوتی و داهاتی ساڵانە هێشتا لەخوارەوەی ڕیزبەندییەکەدان و چاوەڕوانیش ناکرێت تاوەکو 2030 بتوانێت یەکێک لەو 17 ئامانجە بەدی بهێنێت.

عێراق بڕیاری داوە لە 1ی تەممووزەوە کۆتایی بەبەکارهێنانی کاش لە دامەزراوە حکومییەکان بهێنێت، کەچی ژمارەی ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو 15 ساڵییەوە و کارتی بانکیان هەیە ناگاتە ڕێژەی سووریا و سێ بۆ جوار هێندەی ئێران و تورکیاش کەمترە.

لەڕوویەکی دیکەوە عێراق هەرچەندە بەجیاوازی دانیشتوان نزیکەی نیوەی هەریەکە لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانە، بەڵام بەپێی پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوشێوەی ئەم دوو وڵاتە هیچ ئاماژەیەکی نییە بۆ تێپەڕاندنی هەژاری، برسێتی و دەستبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانەکەی و ڕێژەکەشی لەمان زیاترە، ئەمەش سەرەڕای یەدەگێکی گەورەی نەوتی و گازی بە بەراورد بە تورکیا و هاوشێوەی ئێرانیش سزای ئابووری لەسەر نییە.

یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی دەوڵەتی عێراق لە بەدیهێنانی 17 ئامانجەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوانەکەی گەورەیی کەرتی گشتی و نەبوونی کەرتێکی کارای تایبەتە، بۆ نموونە لەکۆی سەروو 4 ملیۆن هێزی کاری دەوڵەت و سەروو 2.5 ملیۆن خانەنشین بەبێ هەرێمی کوردستان هێشتا ژمارەی ئەوانەی ڕۆژانە خۆراکیان دەستناکەوێت و دەکەونە پێوەری برسێتییە یەک لەسەر شەشی کۆی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

هەروەها، لەساڵی 2013وە تاوەکو ڕۆژانی ڕابردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و کابینە جیاوازەکان پلانی ستراتیژی و نیشتمانیان بۆ کوتایهێنان بە برسێتیو هەژاری خستووەتەڕوو، وەک پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی (2013-2017) پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی (2018-2022) ستراتیژی کەمکردنەوەی هەژاری (2018-2022)، پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی (2024-2028)، ئێستاش ئامادەکاری بۆ پلانی نیشتمانی (2025-2030) دەکرێت، کەچی هێشتا ساڵ بە ساڵ ئاڕاستەی و بەپێی پێوەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە 2015وە ترێندەکە بەرەو باشبوون نییە.

لەم ڕاپۆرتەدا، تیشکێک دەخەینەسەر پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕەهەندە جیاوازەکانی بۆ داهاتووی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، بەڵام فۆکووسی سەرەکی لەسەر پرسەکانی هەژاری، برسێتی و خۆشگوزەرانی و پێوەرە ئابوورییەکان دەبێت، چونکە بنەمای بەدیهێنانی پێوەرەکانی دیکەیە.

## داهاتووی هەژاری، برسێتی و خۆشگوزەرانی لە عێراق دا

لەچارەکی یەکەمی ئەمساڵدا دەوڵەتی فیدراڵی بەبێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بڕی 7 تریلیۆن و 247 ملیار دینار و ساڵی ڕابردووش بڕی 26 تریلیۆن و 692 ملیار دیناری وەک هاوکاری و چاودێری کۆمەڵایەتی دابەشکردووە، کەچی هێشتاش ڕۆژانە ئەوانەی بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن ڕێژەکەیان لە تورکیا و ئێران زیاترە.

بەپێی دواین ڕاپۆرتی نەتەوەیکگرتووەکان بۆ بەدیهینانی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام SDG17 ڕێژەی ئەو کەسانەی لە عێراق دا بە هەژار دادەنرێن و ڕۆژانە بڕی 3.65 دۆلاریان دەستدەکەوێت یترە لە 1 ملیۆن و 729 هەزار کەس و ژمارەی ئەوانەشی ڕۆژانە کەمتر لە 2.15 دۆلاریان دەستدەکەوێت دەگاتە نیو ملیۆن کەس. ئەگەریش بەپێی پیوەرەکە لێکدانەوەی ڕێژەی هەژاری بکەین ئەوا عێراق ڕێژەکەی لەم ناوچەیەدا بەتەنیا لە سووریا باشترە و بگرە دوو هێندە و سێ هێندەی ئێران و تورکیایە.

ئێستا، حکومەتی عێراق لەڕێگەی وەزارەتی بازرگانییەوە خەریکی ڕێکخستنەوەی بەشە خۆراکی مانگانەیە بەسەر دانیشتوان و بە ئەلیکترۆنی کردنی پسوڵەی فۆڕمی دابەشکردنی خۆراکە، مانگانەش بەشە خۆراک بەسەر هەموو عێراقییەکان بە هەرێمی

کوردستانیشەوە بەبێ جیاوازی سەرچاوەی داهاتی تاکەکان دابەشدەکات، کەچی بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتاش ئەوانەی ڕۆژانە لە عێراق بڕی خۆراکی پێویستیان دەستناکەوێت بۆ تەندرووستییەکی باش و چالاک ڕێژەیان لە 2025دا 16.1%، واتە لە عێراق سەروو 7 ملیۆن و 425 هەزار کەس ڕۆژانە خۆراکی پێویستیان بۆ تەندرووستییەکی باش و چالاک نییە.

لەڕووی پەروەردەییەوە، بەپێی دوایین سەرژمێری ڕێژەی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنیوان 4-6 ساڵ لە عێراق 11.16% ی دانیشتوان پێکدەهێنن، واتە بەژمارە 5 ملیۆن و 146 هەزار و 857 منداڵن، کەچی ئەوانەی دەخرێنە بەردەم پرۆسەیەکی خوێندنی ڕێکخراوە وەک باخچەی ساوایان ژمارەیان نزیکەی 895 هەزارە.

تەندرووستییەکی باش و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و دەستڕاگەیشتن یاخود ئاسان بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەک گواستنەوەی گشتی، ئاوی خاوێن،، وزەی هەرزان و بنیاتنانی ژێرخانی کەرتە جیاوازەکان یەکێکی دیکەیە لەو بنامایانەی هەم پێناسەی حکومڕانییەکی باش دەکات و هەم دەرخەری خۆشگوزەرانی دانیشتوان.

بەپێی پێوەری نەتەوەیەکگرتووەکان هەر عێراقییەک کەمتر لە 6 ساڵ بە بەراورد بە هەریەکە لە دانیشتوانی تورکیا و ئێران دەژین و ژمارەی ئەوانەشی بەهۆی هەوای پیسەوە سالانە گیان لەدەستدەدەن دوو هێندەی تورکیا و ئێرانە.

نزیکەی چەند ساڵیکە لە عێراق دا بانگەشەی بە بانکیکردنی دامەزراوە داراییەکان و ڕۆژانی رابردووش حکومەتی عێراق و بانکی ناوەندی رایگەیاند کەوا لە دامەزراوەکانی حکومەتدا پارەی کاش وەرناگرێت و هەمووی دەبێت بەکارتی بانکی لە تەمموزی 2025وە، بەڵام بەپێی پێوەری نەتەوەیەکگرتووەکان عێراق لەنیو وڵاتانی دراوسێدا و تەنانەت لە سووریاش نزمترین ئاست و بەجیاوازییەکی گەورە لەدوای هەر چوار وڵاتەکەوەیە، بەشێوەیەک ڕێژەی

ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو 15 ساڵەوەیە و لەکۆی دانیشتوان و کارتی بانکیان هەیە لە عێراق ڕێژەکە 18.6%، لە سووریا 23%، لە ئێران 90% و لە تورکیا 74.1%.

پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان 17 دانەیە و دەیان لایەنی جیاوازی بۆ هەریەکە لەوڵاتان بەپیی داتا بەردەستەکان هەیە، بەڵام لێرەدا بەکورتی هەندێک لەخاڵە سەرەکییەکانی هەریەکە لەو 17 ئامانجەی کەوا دایناوە بۆ دانیشتوانی هەریەک لە وڵاتان بەدی بێت تاوەکو 2030 لە عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا دەخەینەڕوو.

خشتەی 1: ڕێژە و خاڵبەندی عێراق بۆ 17 پێوەرەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 2025

| ئامانجەکان | پێوەر | عێراق | ئێران | تورکیا | سووریا |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| یەکەم SDG1نەهێشتنی هەژاری | ئەوانەی ڕۆژانە کەمتر لە 3.65 دۆلاریان دەستدەکەوێت | 3.90% | 2.50% | 1.10% | 63.9%. |
| | ئەوانەی ڕۆژانە کەمتر لە 2.85 دۆلاریان دەستدەکەوێت | 1.00% | 28.50% | 0.7%. | 0.90% |
| دووەم SDG2: نەهێشتنی برسێتی | ڕێژەی ئەوانەی کەوا ڕۆژانە بڕی خۆراکی پێویستیان دەستناکەوێت بۆئەوەی تەندرووستییەکی باش و چالاک بن | 16.10% | 34% | 6.50% | 2.5%. |
| سێیەم SDG3: تەندرووستی باش و خۆشگوزەرانی | تەمەنی دانیشتوان بە ساڵ (ئەمەن درێژی لەنێو دانیشتوان) | 72.3 | 77.2 | 77.7 | 72.1 |
| | بەهۆی خراپی کوالیتی هەواوە بۆ هەر 100 هەزار دانیشتوانێک | 90 | 58 | 46 | 95 |
| | ڕوودای هاتووچۆ بۆ هەر 100 هەزار دانیشتوانێک | 21.5 | 20.3 | 6.5 | 29.9 |
| چوارەم SDG4فێرکردن بەشێوەیەکی باش | ڕێژەی ئەو منداڵانەی لەنێوان تەمەنی 4-6 ساڵ و دەچنە بەردەم پرۆسەیەکی فێربوونی ڕێکخراو وەک باخچەی ساوایان | 17.40% | 59.80% | 99.20% | 46.5%. |
| | ڕێژەی خوێندەواری لەنێو دانیشتوان کە تەمەنیان لەنێوان 15-24 ساڵدایە | 94% | 98.80% | 100% | 98% |
| پێنجەم SDG5:یەکسانی ڕەگەزی | ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی بەرامبەر پیاو پرۆسەی خوێندنیان وەرگرتووە | 70.60% | 99.90% | 84.40% | 81.30% |
| | ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی بەرامبەر پیاو بەشداریی بازاڕی کارییان کردووە | 15% | 20.30% | 50.90% | 21.20% |
| | ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە پەرلەمان | 28.90% | 4.90% | 19.90% | 9.60% |
| شەشەم SDG6: ئاوی پاک و پاکوخاوێنی | ڕێژەی ئەوانەی توانای دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری ئاوی خاوێن هەیە | 98.40% | 97.70% | 97.00% | 94.10% |
| حەوتەم SDG7:وزەی پاک و هەرزان | ڕێژەی ئەوانەی توانای دەستگەیشتن بەکارەبا هەیە | 100% | 89% | 100% | 100% |
| | ڕێژەی دانیشتوان بۆ دەستگەیشتن بە وزەی پاک و تەکنەلۆژیا بۆ دروستکردنی خۆراکی ڕۆژانە | 99.40% | 95.80% | 95.10% | 90.50% |
| | بەکارهێنانی وزەی نوێبووە لەکۆی وزەی بەکارهێنراوی ڕۆژانەی دانیشتوان | 1.10% | 0.80% | 12% | 1.10% |
| هەشتەم SDG8: کاری ڕێکوپێک و گەشەی ئابووری | گەشەی ئابووری GDP(0 خراپترین و 100 باشترین). | 62.6 | 55.2 | 75.6 | 67.4 |
| | قوربانیانی کۆیلایەتی نوێ (بۆ هەر 100 هەزار لە دانیشتوان) | 5.5 | 7.1 | 15.6 | 8.7 |
| | ڕێژەی بێکاری لە کۆی هێزی کار بۆ ئەوانەی تەمەنیان 15ساڵ و زیاترە | 15.30% | 9% | - | 12.70% |
| نۆیەم SDG9پیشەسازی و داهێنان و ژێرخان | ڕێژەیەیی دانیشتوانی گوندەکان کە دەستڕاگەیشتنیان بەرێگاکانی هاتووچۆ لە هەموو وەرزەکان | 83.50% | 83.5 | 98.70% | 84.50% |
| | دەستڕاگەیشتن بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت | 81.70% | 79.60% | 87.30% | 84.50% |
| | بەرزی ئاستی زانکۆکان بەپێی پلەبەندی تایمز هایەر ئیدوکەیشن بۆ زانکۆکان لەم وڵاتانەدا تێکڕای 3 زانکۆ باشی وەرگرتووە (0 خراپترین و 100 باشترین) | 31 | 50.9 | 50.2 | 17.8 |
| | لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکاندا (بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتوان) | 0.6 | 0.8 | 0.8 | 0.1 |
| | ڕێژەی دابینکردنی خەرجی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ تێکڕای کۆی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی | 0.00% | 0.70% | 13% | 0.10% |
| دەیەم SDG10: سنووردارکردنی شێوازەکانی نایەکسانی | دەستنیشانکردنی کەمکردنەوەی نایەکسانی جینی کۆفیشنت (0 باشترین و 100 خراپترین | 29.5 | 34.8 | 44.4 | 26.6 |
| یانزەیەم SDG11: شار، کۆمەڵگە بەردەوامیپێدراوەکان | ڕێژەی دانیشتوانی شارەکانە کەوا لە گەڕەکە هەژارەکاندا دەژین | 49.30% | 44.70% | 14.10% | 41.10% |
| | دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئاوی خاوێن بە بۆری لەنێو ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان | 88.20% | 99.60% | 98.30% | 85.50% |
| | لە ڕێژەی دانیشتوان کەتوانی دەستڕاگەیشتنی ئاسانیان بەگواستنەوەی گشتی لە شارەکاندا | 8.10% | 52% | 80.60% | - |
| دوانزەیەم SDG12: بەکاربردنی بەرپرسانە و بەرهەمهێنان | زبڵ و خاشاکی (کیلۆگرام/تاکێک/لەڕۆژێکدا) | 1.1 | 0.6 | - | 0.6 |
| | پاشماوە ئەلیکترۆنییەکان کە کۆنەکرێتەوە (کیلۆگرام/هەر تاکێک). | 6.1 | 9.3 | 10.5 | 5.6 |
| سیانزەیەم SDG13: ڕێوشوێنەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا | دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە سووتانی بەرهەمە کاربۆنییەکان و بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ وە (کەسێک /تۆن). | 3.9 | 9.2 | 5 | 1.1 |
| | دەردانی گازە گەرمخانەییەکان "گرین هاوس (کەسێک /تۆن) | 1.4 | 1.2 | 2.8 | 0.7 |
| | دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە هەناردەکردنی بەرهەمە کاربۆنییەکان "نەوت و گاز" (کەسێک /تۆن) | 11.7 | 2.1 | 0 | - |
| چواردەهەیەم SDG14 ژیان لەژێر ئاودا | ڕێژەی گرتنی ماسییە و دوای فڕێدەدرێت | 2.8%. | 3.90% | 5.4%. | 8.30% |
| پانزەیەم SDG15 ژیان لەسەر وشکانی | ڕێژەی تێکڕای ڕووبەری پارێزراوە لە شوێنەکانی زەوی بۆ جۆراوجۆری زیندەوەران | 5.60% | 67.20% | 2.30% | 0% |
| | لەناوچوونی دارستانەکان (هەتری چوارگۆشە/تاکێک) | 3.9 | 13 | 7 | 0.8 |
| شانزەیەم SDG16: ئاشتی و دادوەری و دامەزراوەی بەهێز | خۆکوشتن (بۆ هەر 100 هەزار لە دانیشتوان) | 9.5 | 2.4 | 3.2 | 2.1 |
| | ئیندێکسی هەستکردن بەگەندەڵی لە وڵاتەکەدا (0 خراپترین و 100 باشترین) | 26 | 23 | 34 | 12 |
| | بەشداریکردنی منداڵان لە کار | 4.50% | - | 3.80% | - |
| | ئازادی ڕۆژنامەگەری (0 خراپترین و 100باشترین) | 30.7 | 16.2 | 29.4 | 15.8 |
| حەڤدەیەم SDG17: هاوبەشیکردن بۆ ئامانجەکان | ڕێژەی خەرجی حکومەتە بۆ کەرتی تەندرووستی و پەروەردە لەکۆی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی GDP ساڵانە | - | 5.60% | 5.4 | 6.50% |

سەرچاوە: راپۆرتی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام، 24ی حوزەیران 2025.

[1] دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین لە بەراوردی وڵاتان کە داتاکان هێی هەمان ساڵ نین بۆ هەر چوار وڵاتەکە، بەڵکوو لە هەندێک پیوەرە داتا بەردەست نەبووە یاخود داتای ساڵی پێشووتر بەکارهاتووە.

(-) مانای وایە داتای بەردەست نییە

## کۆتایی

ئەم راپۆرتە رەهەندی دیکەی لەبارەی هەریەکە لەو ئامانجەوە خستووەتەڕوو بۆ هەریەکە لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ، بەڵام ئەم چوار تەوەری هەژاریی، برسێتی و خۆشگوزەرانی و پێوەرە داراییەکان لەو بنەما سەرەکییانەن بۆ گەیشتن بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیکە لە پێشەوەن. هەرچەندە دەوڵەتی فیدراڵی ساڵانە پلانی ستراتیژی و نیشتمانی و تەنانەت خەرجییەکی گەورەش دەکات بۆ نەهیشتنیان و باشکردنی رەوشی ئابووری، بەڵام بەپێی داتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوەکو 2030 بەدی نایەت.

رەوشی دانیشتوان و ئاستی حکومڕانییەکەی ئەم چوار وڵاتەی لە خشتەکەدا هاتووە ئاماژەیەکی روونە بەوەی کە ترێندی بەرەو باشبوون نییە و عێراق لەریزبەندییەکەدا لەنیو 190 وڵاتدا پلەی 113مینی گرتووە، واتە تۆزیک رەوشی لە سووریا باشترە کە سووریا پلەکەی 131مین لەنیو 190 وڵاتدا.

خاڵیکی گرنگیش لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی داتاکانیان زیاتر بەردەستە و ستراکچەری حکومڕانییەکەی بەهێزە لەهەر 17 ئامانجەکەوە نزیکترن بۆ بەدیهێنانی تاوەکو وڵاتانی لاواز و نەبوونی داتا وەکو لە کۆی داتابەیسی 190 وڵاتەکەدا هاتووە و لە داتای ئەم چوار وڵاتەشدا بەروونیدەردەکەوێت، بۆ نموونە لەنیو ئەم چوار وڵاتەدا عێراق و سووریا بەرێژەی 11% و ئێران بەرێژەی 3% و تورکیا 1% داتا بەردەست نییە، هەروەکو چۆن تورکیا لە هەر 17 رووەکەوە لەم سێ وڵاتەی دیکە باشتر بوو.

هەروەها، ساڵی رابردووش لەکاتی راگەیاندنی خەڵاتەکانی نۆبڵی 2024دا، نۆبڵی ئابووری بۆ دوو مامۆستای زانکۆ و ئابووریناسی پەیمانگەی تەکنەلۆژی ماسوچوست MIT بوو کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا یەکێک لەو خاڵانەی دۆزیبیانەوە ئەوەبوو کە ئەو وڵاتانەی دامەزراوەی بەهێزییان نییە ئەوا دواکەوتوون و شکست دەهێنن.

لەکۆتاییدا، لە عێراق لەنیو ئەم 17 ئامانجەدا 9 ئامانجیان ئاڵینگاری سەرەکی و 4 ئامانجیان بەربەستی گرنگ و 3 دانەشیان بەربەستی جیاوازییان دێتەڕی بۆ بەدیهێنانی تاوەکو 2030، بەتایبەتیش ئاڕاستەی هیچکامیان بەرەو ئەوە نییە بەدی بێت.

## سەرچاوە:

**Sachs, J.D., Lafortune, G., Fuller, G., Iablonovski, G. (2025). Financing Sustainable Development to 2030 and Mid-Century. Sustainable Development Report 2025. Paris: SDSN, Dublin: Dublin University Press. DOI: https://doi.org/10.25546/111909**